# ئوارەیەك بەر لە ژەهر !
# بۆ هەڵەبجەی شەهید!!

نامۆ سامان

گوڵم !

گریمان ژەهر هەڵەبجەی نەکوشتایە

رەنگ بوو ئێستاکە وەك مەموزین

ئەشقێکی تر سەری هەڵدایە!

*************************

ئەو ئێوارەیە ئاسمان وەك قوبەی شین

چەپك چەپك ئەشقی گوڵ رەنگی دەرشت

زەردەپەریش لە بالأنبۆ

پەنجەکانی وەك قردێلە

لە پەرچەمو ئەگریجەی لوول گیر کردبوو

وەك ئەوەی دڵی خوتورەی دابێت ئیتر

گوڵم نەتبینمەوە

تەیرەکان تا سپیدە بە ئاسمانەوە جریوەیان ئەهات

وەك ئەوەی دڵیان خوتورەی دابێت ئیتر

جارێکیتر باڵی فڕین نەبیننەوە

کوکوختێکان..کوکوختیە گەردن لە خاڵەکان

لە سەر سنەوبەرەکانی بەفری میر

ملی لارو کزیان لە یەك ئالأندبوو

دەنووکە بارێکە رەشتاڵەکەیان بریبووە ئاسمان

وەك ئەوەی دڵیان خوتورەی دابێت ئیتر

ئەم ئاسمانە شینە نەبینەوە

کۆترە شینکەکانی شنرۆی هێلانەیان جهێشتبوو

لە بەر پەنجەرەی ماڵە بەرزەکاندا نیشتبوونەوە

وەك ئەوەی دڵیان خوتورەی دابێت ئیتر
جارێکیتر ئینسان نەبینەوە
بەرگە شۆڕاوەکان بە تەنافیماڵەکاندا
﴿با﴾ خێرا شنەی پێدەکردن
وەك ئەوەی دڵیان خوتورەی دابێت ئیتر
جارێکیتر منداڵە ژیکەڵەکان نەبینەوە
دڵدارەکان ئەو شەوە تاسپیدە
لە گەردنی یەك جوودا نەبوونەوە
وەك ئەوەی دڵیان خوتورەی دابێت ئیتر
ماچەکان لێوەکان تەڕ نەکەنەوە
مارە ئاشقەو ماشقەکان لە قەدی یەك ئالأبوون
وەك ئەوەی دڵیان خوتورەی دابێت ئیتر
لێك نەئاڵێنەوە
پێشمەرگەکان ئەو شەوە
پەنجەیان لە سەر پەلەپیتکەی تفەنگەکان بوو
وەك ئەوەی دڵیان خوتورەی دابێت ئیتر
پەنجەکان تفەنگ نەبینەوە
شنرویٚ چاوەکانی برێبوە بالأنبۆ..دوور ئەیروانی
وەك ئەوەی دڵی خوتورەدا بێت ئیتر
خۆرە تاو نەبینمەوە
دایکەکان ئەوەی شەوە تاسپیدە شیریان ئەدا بەساواکانیان
وەك ئەوەی دڵیان خوتورەی دابێت ئیتر
مەمکەکان دەمی مژین نەبینەوە
﴿عومەری خاوەر﴾ ئەو شەوە تاسپیدە
دوو کورەکەی لە باوەشی حوزنیا ئەلاواند

وەك ئەوەی دڵی خوتورەی دابێت ئیتر
باوکەکان جگەرگۆشەکانیان نەبینەوە
سەماوەرەکان ئەو شەوە تاسپیدە گیزەیان ئەهات
وەك ئەوەی دڵیان خوتورەی دابێت ئیتر
پیاڵە زەرلیە خەت زەردەکان نەبینەوە
کۆڵانەکان پڕ بوون لە دەنگی ئاسنە ژەنگ گرتۆکان
وەك ئەوەی دڵیان خوتورە دابێت ئیتر
ڕێبواران نەبینەوە
پاڵمداوە بەکەناری ئەم ڕۆحەوە
ئەستێرە لە چاوانم ئەرانی
وەك ئەوەی دڵیان خوتورەی دابێت ئیتر
ئەشق نیگاکانم نەناسێتەوە
پاڵمداوە بە گوناحی ئەم شەوەوە
شارەزوور لێم ئەروانی
وەك ئەوەی دڵی خوتورەی دابێت ئیتر
حەبیبەکەی نەبینێتەوە
لە سەر لەپی ئەم شەوەدا
من خەونی ڕەنگ پەمەی دەچنم
ئەشق چاوەکانی فراندووم
گوڵم لە باخی میرەوە
هەموو ڕۆژێك بەچڵە سێوك
سلاّوی ئەسەندمەوە
گوڵم ئەو شەوە لە سەمای ئەشقی تۆدا ئەسوتام و
خەونی سەوزم دەچنی
خەیاڵ دەستی دەگرتم و

کەنار لە رۆحما شین دەبوو
شنە کەروێشکەی بە پرچم دەکردو
نیگاکانمی دەفراند
ڕۆحم لە بەر پێدا دائەگیرساند
وەك ئەوەی دڵم خوتورەی دابێت ئیتر
چاوەکانم نەتبینێتەوە
گوڵم ئەو شەوە کۆترەکان
تاسپیدە دانیان ئەدا بە بێچوەکانیان
وەك ئەوەی دڵیان خوتورەی دابێت ئیتر
دەنوکەکان بەیەکدا نەرشێنەوە
پشیلەکان ئەوت ماخوڵانیانە بێچوەکانیان ئەگوێزایەوە
وەك ئەوەی دڵیان خوتورەی دابێت ئیتر
بێچوەکانیان نەبینەوە
ماسێکان سەریان لە بەر تریفەی مانگەشەودا
هینابووە دەر بریسکەیان دەهات
وەك ئەوەی دڵی خوتورەی دابێت ئیتر
لێوی ڕۆحیان قولاپەکان نەبینەوە
کەچی گوڵم من لەو خەونە پرتەقاڵیە بەئاگا نەهاتم
وەك ئەوەی شەو دڵی خوتورەی دابێت ئیتر
خەونم نەبینمەوە
لە سەر لەپی ڕۆحم هەڵمگرتویت
لە سەمای ئەشقی تۆدا ئەسوتیم
ئەم ئەشقە کۆتەڵی مەرگم دەگێری
بیرتە گوڵم!
کاتی ماچم بۆ ئەناردی بە دوو پەنچە

وەختبوو بفڕیت باڵبگریت بێیت بۆلام
بە قەد تەمەنی درەختێك خۆشمویستی گوڵم
بە قەد حەزی کانییەك ماچم بۆناردی گوڵم
بە قەد خەونی دارسێوك لە ئەشقم گرتی گوڵم
بیرتە گوڵم!
هەموو ڕۆژێك لە باخی میر سێوێکت بۆ ئەهینام
بەچڵە سێوك سلاْوت ئەسەندمەوە
ئەوەندەت سێو بۆ هینابووم گوڵم
ڕەنگی سێوم گرتبوو
بۆنی سێوت گرتبوو
منێش وامدەزانی ئەم دنیایە
تەنها بۆنی سێوی لێدیت!
پاڵمداوە بە کەناری ئەم ئەشقەوە!
ئەمە ئەشقە یان دۆزەخە!
پاڵمداوە بەرۆخی ئەم روبارەوە!
ئەمە ئاوە!
یان تارمای گوناحەکانە بەبەر چاوما ڕەتدەبن
دێن و نیگام دەفرینن
دێن و بە ساتەکانی تەمەنم ئەسپێرن
لە بەر خۆمەوە کەسێکم
هێشتاکە ئاسمان بە چاوەکانم ئاشنا نەبووە
لە بەرخۆمەوە قوربانییەکم
هێشتاکە ڕۆژێکم لە بەر پێدا سەر نەبریوە
من بە حەژمەتی ئەم کەللەیەوە واپیر دەبم
پیر دەبمو لە چۆراوگەیەکدا خۆم بە دیدەکەم

سەروگوێلاکم کوتومت قەرەج
سەماو ڕۆژەکانم تیاون کردووە
وەرە تاوان بمبەرەوە
بمبەرەوە بۆ چنگی هەژدیهاکەی بغداد
بمفرێنە..
بمکە بەپەڵەیەکی نەفرەت
بۆ نیوچەوانی ئومەی عەرەب
بمسوو لە شمشیرەکەی
loolm کە لە عەگالەکەی
بمبەرەوە بۆ چاوانی کانی ئاشقانەکەی
من هەڵەبجەم!!
من تەرمی هەزارەها هەناسەی ژەهراویم
من کوردم‌و لە ناو کۆستی هەڵەبجەمدا
هەناسەم تێکەڵی ریحی عەرەب بووە
پاڵمداوە بە هەناسەی ئەم ژەهرەوە
سەرم لاروچاوەکانم پڕ نەفرەت
مناجاتی ئەم تەرمەی خۆم
لە بەرقاپی خودایەکدا ئەگێرمەوە
گوناحەکان ئەژمێرم
من بەبینینی تەرمی رێشۆڵەیەك
کارەساتە دڵتەزینەکانم بەبیر دهێتەوە
ئێستاکە تەرمی سەدان گوڵە ئەستێرەو
ریشۆڵە لە دەوورم کەوتوون
هەموو گیانم ئەلەرزێ‌و ئاودامانی ژەهرە
تەرمی ئەم ئەشقەی خۆم

له سەر لەپی رۆحم هەڵگرتووە
هەنگاوەکانم شەکەتوو ماندوو
له ژێر تارمای لاشەکاندا
له ژێر سێبەری دارسێوەکاندا
ژەهر ..ژەهر چاوەکانی لێساندوم
دەستمبگرن توند بمنووسینن بەخۆتانەوە
ئەم ئەنگوستەی شەوە
له چاوەکانما پەپکەی خستووە
ژەهر گەستی کردوم
ئاخۆ کەنگی ڕۆژ دەبێتەوە
دەستمبگرن توند بمگوشن بە خۆتانەوە
نەوەك ئەم تولەرێیە بمفڕینن
مین..مین
جەستە ژەهراوێکەم بە ئاسماندا هەڵوەرینی
دەستمبگرن.. دەستمبگرن
پاڵمداوە بە هەناسەی ئەم ژەهرەوە
ئەشقم له سەر لەپی ڕۆحم هەڵگرتووە
هەنگاو ئەنیم بە سەرتەرمی گوڵە ئەستێرەدا
بە سەر خوشکو دایکو ..باوکو برادا
گوڵەکەم لێونبووە..گوڵەکەم لێونبووە
ئەبیٚ گوڵم پێش ژەهر خەونی بەچییەوە بینیبێت
ئەبێت گوڵم پێش ژەهر حەزەکانی چ رەنگین بوبێت
چاوەکانی چەند گەش و
لێوەکانی چەند ئاڵ و
پەڕ بوبێت..

گوڵم دەنیگایەکم تیگرە
گوڵم دەچاوەکانت هەڵبرە
گوڵم..!
من ئەوەی ژەهرەم بۆیە هەڵمژی
وامزانی بۆنی لاملی گەردنی تۆیە
وامزانی وەکو جاران دییتو بەماچێك
لێوەکانم تەڕ دەکەیت
وامزانی هەناسەی سێوینی تۆیە دێتو
بە دوو پەنجە لێوەکانم تەڕ دەکەیت
گوڵم بمبەخشە.!
ئەگینا هەناسەم بە خۆمەوە ئەدووری
هەرگیز نەمدەهێشت دووژمن بێتە ژینمەوە
جەلادان بێنە بینینمەوە
تەرمی ئەم گوڵەم لە سەر لەپی رۆحم هەڵگرتووە
بەدووی لاشەی منداڵیما ئەگەریم
ئەمە شارە یان گۆرستانە؟
ئەمە ئەشقە یان دۆزەخە؟
خوا لە سەر ئەم زەمینە بۆیی خوڵقاندوم
ئەمە کۆتای چرکەی تەمەنە؟
یان کۆتای هەناسەی ژینمە؟
یان چرکەی کاتژمیرەکەی کورانی عۆجەیە؟
هەرەشەی بوونم ئەکەن
تەرمی ئەم گوڵەم لە سەر لەپی رۆحم هەڵگرتووە
بەنیو جەنگەڵی کارەساتەکانی ژەهردا شۆر دەبمەوە
لە ژێر سێبەری درەختە مردوکاندا

هەردوو کورەکەم لە باوەشگرتووە
تەرمی ئەم ئەشقەی خۆمم وابەکۆڵەوە
روو لە هەر کێو ئەکەم
قێبلەم ژەهرە
پیَ لە هەر کویَ ئەکەم
تەرمی ژەهرە
خوایش قەلە رەشی بۆ ناردووم
گوڵم.! خوا قەلە رەشی بۆ ناردووم
تافێرمکا چۆن تاوانەکان بکەن بە ژێر خۆڵەوە
تافێرمکا تەرمی ئەم ئەشقەی خۆم چۆن
بکەم بە ژێر خاکەوە
ئاساوری تاوانەکانی ژەهر چۆن بسرمەوە
خوایش تاوانە !
خوا وەرزی برسێتیو روداوەکانە!
خوا ئەلبومێکی گەورەی جەلادانە!
گوڵم.!
خوا قەلە رەشی بۆ ناردوم تافێرمکا چۆن
ئەم ئەشقە زیندە بە چاڵکەم
ئەشقی خەڵکی کەی لە ئەشقی من دەچیت
حەزی خەڵکی کەی لە حەزی گوڵم چووە
ئەشقی من جودایە!
ئەشقی من سێوە!
ئەشقی من ژەهرە!
تێکەڵ هەناسەم بووە!
ئەشقی من دەریایەکە پڕ رەنگ

**کێشوەرێکە بێناونێشان**

**گوڵم! گریمان ژەهر هەڵەبجەی نەکوشتایە**
**رەنگ بوو ئێستاکە وەك مەموزین**
**ئەشقێکی تر سەری هەڵدایە!**
**من ئەم ئەشقە نانێژم**
**من ئەم ئەشقە ناکەم بە ژێر خاکەوە**
**تا قورعان ئەنفال لە خۆیا ئەنفال نەکات**
**تا عەرەب عەگالەکەی دانەگریت**
**لە بەردەما سەری شەرمەزاری شۆڕنەکا**
**تا جەلادان تەورەکان لە خۆیانە نەبرنەوە**
**تا کرێکارانی کارگەی ژەهر**
**بە دلە شینەکەیان توور نەدەن**
**تا مەلای مزگەوتەکان**
**میزەرەکەیان نەگرنە ئیمامەکان**
**ئیمامەکان نوێژەکان بەتاڵ نەکەنەوە**
**تا کەنیسەکان زەنگ نەشکینن**
**تا ئەم سەدە نەگلیسە**
**ئالاَ دیموکراسێکەی دانەگری و**
**دان بەمافەکانما نەنی**
**تا خوا پەنجەی پەشیمانی نەگەزی**
**ئەم دوو پێیە نەباتەوە بۆخۆیی**
**من ئەم ئەشقە نانێژم**
**من ئازارەکان ناکەم بەژێر خاکو خۆڵەوە**
**گوڵم..!**
**بە ئەسپایی بە لاشەی ژەهراویتا ئەچپینم**

به ئەسپایی سەرئەنیم بەسنگتەوە
نهینیەکت لائەدرکینم
گوڵم باجەلادان
خواکانی تاوانو شەر
دووپێکان
پیاوە بستەباڵاکان
کرێکارانی کارگەی ژەهر
نەزانن کە دوو چاوی کویر خەون دەبینی
ئەگینا گوڵم جەلادان
خەونەکانێش ژەهراوی دەکەن
ماچەکان ئەدەنە بەر پۆستاڵ
ڕۆحەکان دەکێشن
کێبلْو کارەباو دەزگای ئەمن
ئەشقەکان ئوتو ئەکەن